# پێشهات وپێشڤەچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ تاوتووکرا



ڕۆژی شەممە 2007/2/11 ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ لە درێژەی چالاکییە بەردەوامەکانیدا، سیمینارێکی بۆ بەڕێز ناهید بەهەمەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ڕێکخست ، لە کۆڕەکەدا کە ژمارەیەکی دیاری کوردستانیانی تۆرۆنتۆو دەوروبەری ئامادەبوون خاتوو ناهید باسی لە دوا پێشهات و پێشڤەچوونەکانی دۆزی کورد کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وبیرۆبۆچوونی کۆمەڵەی لەبارەی کۆمەڵێك باس وخواسی وەك پێکهێنانی بەرەی کوردستانی وپەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی کوردستان وهەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزم و ئاڵای کوردستان وکۆمەڵێك تەوەروباسی دیکە خستە ڕوو. پاشان لەلایەن ئامادەبووانەوە چەندین پرسیاروبیروڕا خرانە روو کەلایەن بەرێز ناهید بەهەمەنییەوە وەڵام درانەوە .



ئەو گۆڕانکارییانەی کەلەم چەند ساڵەی رابردوو بەسەر ڕێبازوهێڵە سیاسییەکانی کۆمەڵەدا هاتوون لە پەیوەند بە مافە نەتەوەییەکانی کورد زۆر بە ئەرێنی وچاکی هەڵسەنگێنرا، هەروەها بەشێك لە ئامادەبووان رایان وابوو کە فیدرالیزم ناتوانێت ببێتە چارەسەرێکی یەکجارەکی وبنەڕەتی بۆ پرسی کورد ، نموونەشیان بە ئەزموونی فیدرالی کەنەدا هێنایەوە کەئەگەرچی کەنەدا خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی پێشکەتووەو هەرێمی کێبێکیش دەسەڵات ودەسکەوتێکی زۆری هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی سەربەخۆییخوازی لە نێو خەڵکی کێبێکدا ئێستا لە هەموو کاتێك بەرزترە.



هێژای گۆتنە لەکۆتایی سیمینارەکەدا ماڵی کورد ڕێزی لەخەبات وتێکۆشانی خانمی بەهمەنی گرت وبەم بۆنەشەوە دیارییەکیان پێشکەشکرد.

ڕاگەیاندنی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ
www.kurdishhouse.org